# ڕیفراندۆمی نارەسمی هەنگاوێك بۆ پێشەوە

جبار محسن
Jabar_muhsin@yahoo.no
20-01-2005

**هەتا ئەو جێگەیەی سندوق دادەنرێت بۆ ڕیفراندۆم ئەمە كارێكی باشە بەلاّم دەبێت لە بنكەكانی هەلْبژاردنی عێراق جیابكرێنەوەو دووربخرێنەوەو لەژێر چاودێری ئەحزابی دەسەلاّتداردا دەر بكێشرێن‌و نوێنەرانی واقعی خەلْك‌و خاوەنانی ئەسلی ریفراندۆم ببنە چاودێری، بەبیّ ئەمە ئەو ریفراندۆمە هیچ دەسكەوتێك بەدەست ناهێنیّ بۆ خەلْك‌و بگرە زەرەش لە بەرپاكردنی ریفراندۆمێك بۆ جیابوونەوەی كوردستان ئەدا .**

سەردەمێك ئێمە ( كۆمۆنیستەكان‌و خەلْكی ئازادیخوازی كوردستان ) هەولّی زۆر جدیمان دا لە پێناو بەرپاكردنی ڕیفراندۆم لە كوردستان‌و حیزبە ناسیۆنالیستەكانی كوردیش تەفسیریان نەكرد لە دژایەتی كردنی ئەم بزووتنەوەیە . هەتا بەو دەرەجەیەی كە ینك لەسەری ئێمەی دا بەدادگاو دواتریش هێرشی چەكداری كردە سەرمان‌و پێنج هاوڕێمانی گوللە باران كرد. بەو شێوەیە ڕیفراندۆم نەیتوانی ببێتە بزووتنەوەیەكی جەماوەری گەورەو هەر بەم پێیەش نە ڕیفراندۆمی ڕەسمی‌و نە نارەسمی توانرا بەڕێبخرێت . ئەو كاتە ئەگەر لە ژێر فشاری ئەم بزووتنەوەیەدا ئیمكانی ئەوە بەرپا ببوایە كە ڕیفراندۆمی نارەسمی بەڕێبخرێریت وەك دەسكەوتێكی گەورە چاوی لیّ دەكراو ئینجا شەڕی ئێمە ئەهاتە سەر بەڕەسمی ناسینەكەی .هەر خودی بەرپاكردنی ڕیفراندۆم بۆخۆی خالێكی گرنگ‌و بەهێز دەبوو وە هەنگاوێك نزیكی ئەخستینەوە لە جیابوونەوەی كوردستان .

لە ئێستادا ئەو بەڕێزانەی كە پێیان دەوترێت بزووتنەوەی ریفراندۆم بانگەوازی خەلْك دەكەن كە دەنگ بدەن بۆ جیابوونەوەی كوردستان لەو سندوقانەی كە بۆ ریفراندۆم دانراوە شان بەشانی سندوقەكانی هەلْبژاردنی عێراق . هەلْبەتە لەوە ئاشكرا تر نییە كە موافەقەتی ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ ئەمە چییە . ئەوانێك كە سوێند بەیەكپارچەیی عێراق ئەخۆن‌و تەعەهودیان داوە بە ئەمریكا كە بەشداری هەلْبژاردنەكان بكەن‌و كوردستان لە عێراق جیانەكەنەوەو بەر بەهەر حەرەكەتێكی جوداخوازی بگرن، موافەقەتیان تەنها بۆ دوو شتە . یەكەمیان ڕاكیشانی خەلْك بۆ سندوقەكانی هەلْبژاردنی عێراق كە خەلْكێكی زۆر بەنیازن موقاتەعەی بكەن‌و ترسیان هەیە لیّی و دەیانەوێت بەم سندوقی ڕیفراندۆمانە خەلْك هان بدەن‌و فریوی بدەن ، گوایە خەلْك ئازادە ، دووەمیشیان ئەوەیە كە دەنگی خەلْك بۆ جیابوونەوەی كوردستان بكەنە دەست مایەی خۆیان لە ئایندەدا لە بەرامبەر ئەمریكاو ناسیۆنالیزمی عەرەبدا كە وەك مانگ ڕۆشن دیارە كە لە سبەینێدا مل بە خواستەكانیان نادەن‌و بەشی دەسەلاّتیان لە حكومەتی مەركەزیدا كەم دەكەنەوەو نایهێلْن . ناسیۆنالیزمی كورد بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان دوو ڕێگەیان گرتۆتە بەر ئەویش بەڕەسمی نەناسینی سندوقەكانی دەنگدان‌و جەخت كردنەوەی زۆر لەسەر ئەم شتە و دانانی سندوقەكانی ڕیفراندۆم لەهەمان بنكەكانی هەلْبژاردنی عێراق‌و دانانیان لەژێر كۆنترۆلْ‌و چاودێری خۆیاندا . بەلاّم دەبیّ خەلْكی كوردستان‌و خاوەنانی ئەسلی بەرپاكردنی ڕیفراندۆم ڕیّ نەدەن ناسیۆنالیزمی كورد ئاوا یاری بە ڕیفراندۆم بكات‌و بیكاتە مولْكی خۆی ، هەتا ئەو جێگەیەی سندوق دادەنرێت بۆ ڕیفراندۆم ئەمە كارێكی باشە بەلاّم دەبێت لە بنكەكانی هەلْبژاردنی عێراق جیابكرێنەوەو دووربخرێنەوەو لەژێر چاودێری ئەحزابی دەسەلاّتداردا دەر بكێشرێن‌و نوێنەرانی واقعی خەلْك‌و خاوەنانی ئەسلی ریفراندۆم ببنە چاودێری، بەبیّ ئەمە ئەو ریفراندۆمە هیچ دەسكەوتێك بەدەست ناهێنیّ بۆ خەلْك‌و بگرە زەرەش لە بەرپاكردنی ریفراندۆمێك بۆ جیابوونەوەی كوردستان ئەدا . بانگەوازی ئەم ڕیفراندۆمە دەبیّ بە تەواوی لە پروپاگەندەكانی هەلْبژاردنی عێراق جیا بكرێتەوە .دەبیّ ئەوە زۆر بەسادەیی بۆ خەلْكی كوردستان ڕۆشن بێت كە ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەی كوردستان بە تەواوی پێچەوانەی هەلْبژاردنەكانی عێراقەو دوو چارەنووس‌و ئایندەی جیاواز دەخاتە بەردەم خەلْك . ئەم بزووتنەوەیە بەم جۆرە شانسی سەركەوتنی زۆرە .

شەڕی دووایی بۆ بەڕەسمی ناسینی ئەم ڕیفراندۆمە لە دەستمایەیەكی جەماوەری زۆر گەورە بەهرەمەند ئەبێت‌و ئەتوانیّ لە كۆمەلْگەی نێودەولْەتیدا ڕەسمیەتی خۆی بسەپێنێت . بۆ ئەم كارە مەرجی سەرەكی هەروەك باسم كرد گەڕانەوەی ریفراندۆمە بۆ خاوەنانی ئەسلی خۆی .